کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:33 8-2-2007

## پۆلیسی کەلار (ڕاگری پەیمانگای کەلار) دەگەڕێت ... بەمۆ چەتوون



لە دوای بڵاوبونەوەی گەندەڵیەکانی لە ماڵپەر و ڕۆژنامەکاندا ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی کەلار (یونس سادق فارس السالحی) هەستا بە هەڕەشەکردن لە مامۆستای خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە بواری شیکاری نەخۆشیەکان (م. حەسەن محەمەد ڕۆستەم) کە برای (شەهید ستار بێویانی) یە بە تۆمەتی ئەوەی کە (م. حەسەن) هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی ئەو گەندەڵیانە. لە شەوی (28/29-12-2006) بەچەند تلیفۆنێکی ژمارە جیاواز بەم ژمارانە (+358440844454 و 07702376304 و 0662563930) و چەند ژمارەیەکی تر،دوایش بە جنێو دانی (زۆر ناشیرین) و هەڕەشە کردن (بە کوشتن) هەوەها هەڕەشە بە (کوشتن وجنیو دان) بە کورتە نامەی مۆبایل کە بە ژمارەی (zero 3) و یەکێك لە ژمارە مۆبایلەکان مۆبایلی تایبەتی خۆی (م. یونس) بوو بە ژمارەی (07702460355) ، دوای ئەوەی (م. حەسەن) تلیفۆنی بۆ ژمارەی (07702460355) (م. یونس) بە جنیو و هەڕەشە وەلامی (م. حەسەن) ی داوە. (م. حەسەن) لە (8-1-2007) لە دادگای کەلار شکاتی لە (م. یونس) تۆمار کرد. دوای ئاگادارکردنەوەی لە لایەن پۆلیسی کەلار (م. یونس) لە لە ڕۆژی چوارشەمم (7-2-2007) ئامادە بوو و (تەوقیف) کرا،بەڵام دواتر بە (بەڵێن نامە) تاوەکو ڕۆژی دادگایی کردنی ئازاد کرا.

هەروەها خوێندکارێکی پەیمانگا کە لە ڕۆژنامەیەك کاردەکات لە بەر ئەوەی مانشێتێکی لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاو کردبووەوە کە بە دڵی (ڕاگر) نەبوو لە لایەن ژمارە تلیفۆن (07702457598) هەڕەشەی لێ کرا.

هەروەها شەوی هەینی (2/3-2-2007) لە ڕێگەی هەمان ژمارە تلیفۆن (zero 3) کە پێشتر نامەی بۆ مامۆستا (حەسەن) پێ نێرابوو (3) کورتە نامەی پڕ لە (جنێوی زۆر ناشیرین) بۆ (3) لە مامۆستا مانگرتوەکان نێراوە لە بەر ئەوەی ئەم ووتانە نزیکە لەو ووتانەی تری مامۆستا یونس کە لە سایتەکانی ئینتەرنێت دا بڵاو کراونەتەوە و هەمان ڕێگەیە کە پێشتر لە گەڵ (م. حەسەن) بە کاری هێناوە، بۆیە ئەو (3) مامۆستایە دڵنیابون ئەمەش کرداری (م. یونس) ە و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەو کورتە نامانەی ناردوە. بۆیە، ئەو مامۆستایانەش لە (3-2-2007) سکاڵایەکیان دژ بە (م. یونس) لە دادگای کەلار تۆمار کرد.

بەمۆ چەتوون
2007-1-8

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.